کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-12-2007 14:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**یاسای ڕۆژنامەوانی یان یاسای پاراستنی بەرژەوەندی دەسەلات ... دانا عوسمان**

فاکتەری سەرەکی پاراستنی ئازادییەکانی نێوکۆمەڵگا و پێشێل نەکردنی مافی تاکەکانی لە لایەن کەسانی کاربەدەست و لایەنە فەرمانڕەواکانی نێودەولەت، بونی میدیایەکی ئازاد و سەربەخۆوکارایە. کۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی بەڕێوەبردن لە ولاتێک کە لافی سیستەمی دیموکراسی و فرەحیزبی و ئازادی بیروڕاو ڕێزگرتن لە مافەرەواکانی هەر تاکێک لێدەدات، بەندە بە بوونی دەستەڵاتی چوارەم؛ ئەویش کاری ڕاگەیاندن دەگرێتە خۆی بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە ولاتی ئێمە کە حکومەت و پەرلەمان و حیزبەکانیش هەموو، خۆیان بە پارێزەری دیموکراسی و هەمیشە لە لیدوانەکانیاندا، داکۆکی ئەکەن لە ئازادی بیرورا و بوونی سیستەمێکی شەفاف و روون لە بەڕێوەبردندا و هەمیشە لەوعێراقەی کە ئەوان کۆڵەکەی سەرەکی یەکپارچەبوون و ڕێکخستنەوەی بوون؛ خۆیان بە سەرپشک و نمونە ئەهێنەوە! کەچی بەر کردار خەریکی لەناوبردنی هەموو هزروبیرێکی ئازاد و بنیاتنەر و رەخنەئامێزن. بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمانەوە، لە ولاتانی پێشکەوتوو و سەربەستدا، کاتێک کە رای گشتی لە لایەن دەزگایەکی راگەیاندن، دەورووژێت سەبارەت بە بونی گەندەڵی و نارێکوپێکی و دزی لە ناوەندێکی دەوڵەتی، کاربەدەستان و لێپرسراوانی ناچار دەکرێن واز لە پۆستەکەی خۆیان بهێنن و زۆربەی جاریش راپێچی دادگا و تووشی لێپرسینەوەی یاسای دەبن و سزادەدرێن... لە نمونەکەی ئەمڕۆی عێراقی نوێ لە سەداسەد جیاوازە و ئەوکەس و دەزگایەی کە دەیەوێت کۆمەڵگا ئاگادار بکاتەوە بە بوونی گەندەڵکاری و ڕەفتاری نامەسئوولانە و پێویستی بوونی هەڵوێستی گونجاو لە بەرانبەر ئەو دەزگا یان ئەم کاربەدەست کە زۆربەی جار خەریکە هەموو بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان و ئاسایشی نەتەوەییمان دەخاتە مەترسی یەوە لە بەر جۆری کارکردنیان، لەباتی ئەوەی راپێچی دادگا و لێپرسینەوە ببن، بە پێچەوانەوە ئەوکەس و دەزگایەشی کە بەهەر چەرمەسەرییەک و دان بەجەرگی خۆدانان و لە پێناو گەیاندنی راستیەکان یاری بە گیانی خۆیان کردووە، دەگیرێن و تووشی هەزار و یەک نەهامەتی دەبن و ئەو پەنجەرەیەش کە ئەو هەوای ئازادیە و تیشکەی لێوە دەهاتە ژوور بەکۆنکرێت دەبەسترێت. لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی و حیزبیدا. ئەو پەیامەی کە چەندین ساڵە ئێمەی کورد ئەمانویست بەگوێی داگیرکەران و ولاتانی جیهاندا بدەین؛ کە ئێمە قەومێکی ئازادیخواز و دژی دیلکردنی هزر و بیری نوێ و نیشتمانپەروەرین بە داخەوە لە ئێستادا کە ئەو هەلەمان بۆ رەخساوە و توانای دەرخستنی توانکانمان هەیە لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ئازاددا و سەلماندنی ئەوەی کە سەربارى ئەو هەمووژێردەستەیی و دژایەتییەی کە لەگەڵماندا کراوە، بۆمانەوەمان بە دوواکەوتوویی و نیشاندانمان وەکوو میلەتێکی کێوی و دوور لە هەموو شارستانییەک. بەراستی ببین بە نمونەی گەلێکی پێشکەوتوو، نویخواز و ڕۆشنبیر و سەربەست لە ناوچەکەدا، تاکو چاوی دۆژمنانی پێ کویرو سەری دۆستانیشمانی پێ بەرز ڕاگرین. بەڵام سەدمەخابن ئەوەتا ئەڵێی ئەوەی دژمنان و ناحەزانمان هەوڵی چاندنیان داوە لە ناوماندا خۆمان خەریکین کەش و نمای پێدەدەین و بەدروستکردنی بەربەست لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج و خواستەکانی سەرکردە پێشوەکانماندا و پارستنی ئەو مێژووە پڕ لە خەباتەی گەلەکەمان، لەوپەرلەمانەی کە بە خوین و ئێسک و پروسکی 182000 گیانی ئەنفال کراوو 5000 گیانی خنکێنراو و دەیان هەزار شەهیدی خەباتگێڕ و ماندونەناس، بنیات نراوە؛ خەریکی دارشتنی یاسای دور لە هەموو جۆرە ئازادییەک و پێشێلکردنی مافەڕەواکانی هەموو چینەکانی گەلین. هەموانیش دەزانن کە ڕووناکی ڕۆژ، بەری بە بێژنگ ناگیرێت!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.